پەیامی پیرۆزباهی

بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئە نجوومەنی وەزیرانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سڵاوی رزگاریی‌و سەرخۆبوون..

لەپێوەندی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بەناوی خۆم‌و لەجیاتی مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباهی لەبەڕێزتان دەکەم، لەڕێگەی بەڕێزیشتانەوە سڵاوو پیرۆزباهی گەرمی خۆمان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی حکومەت‌و سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، هیواخوازین کە کابینەی حکومەتی یەکگرتوو، کابینەیەکی خزمەتگوزارو دەسترەنگین بێ، دەرفەتی یەکسان لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکاتەوەو بە یەکچاو لەسەرجەم چین‌و توێژەکان بڕوانێ‌و سیاسەتی هاوێرکاری کۆتایی پێبهێنێ. ئێمە لەحزبی رزگاریی کوردستاندا لەکاتێکدا کە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی یەکگرتوو بەدەستکەوتێکی گەورە دەناسین‌و هیوای سەرکەوتن‌و پێشکەوتنی بۆ دەخوازین، لەهەمان کاتیشدا ئاوات دەخوازین کە کابینەی حکومەتی یەکگرتوو بە سەرۆکایەتی بەڕێزتان بتوانێ دیاردەی گەندەڵی بنبڕبکات‌و کۆمیتەی دەستپاکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەی داهات‌و سامانی ئەو کەسانە پێکبهێنێ کە پێگەی دەستەڵاتی خۆیان بۆ خۆدەوڵەمەندکرن بەکارهێناوەو جیاوازکاریان لەنێوان جەماوەری کوردستاندا بەڕێوەبردووە.

حزبی رزگاریی کوردستان وەك هێزێکی سەربەخۆخوازو رزگاریخواز شێلگیرانە پشتیوانی لەهەر هەوڵێك کە بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ، دەکات، هیواخوازین کە دەستپێکی کاری حکومەتی یەکگرتووی هەرێم بەتێکۆشان بۆ گێڕانەوەی کەرکوك‌و خانەقین‌و موسڵ‌و ناوچەکانی دیکە درەخشان بکرێ‌و رێگەی گەیشتن بە حەزو ئاواتەکانی گەلی کوردستان نزیکتر بکاتەوە.

سڵاوو پیرۆزباهی خۆمان دووپات دەکەینەوە. خوازیاری سەرکەوتنتانین.

ڕێکار ئەحمەد

سکرتێری گشتی حزبی

رزگاریی کوردستان

2006-5-8

شەقڵاوە:

لەسەر ماڕ یۆحەنا و شێخ وسوو شەڕ هەڵدەگیرسێ

رۆژی 2006/4/22 لەرۆژی جەژنی قیامەی مەسیحیەکاندا لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی سەردانی مەزاری ماڕ یوحەنا، هەڵکەوتوو لەقەد پاڵی چیای سەفین لەنزیك شەقڵاوەدا دەکەن، لەلایەن هەندێك کەسی موسڵمانەوە هێرشیان دەکرێتە سەرو داوایان لێدەکەن ئەو شوێنە چۆڵ بکەن، بەم شێوەیە هەردوولا بەشەڕدێن‌و ژمارەیەك تێیدا بریندار دەبن. ئەوەی شیاوی باسە ئەو مەزارە شوێنەوارێکی کۆنینەیەو مێژووەکەی بۆ 1750 ساڵ لەمەوبەر دەگڕێتەوەو مەسیحیەکان بە شوێنێکی پیرۆزی دەزانن‌و ساڵانە بەمەبەستی گیرابوونی خواستەکانیان زیارەتی ئەم مەزارە دەکەن. هەروەها موسڵمانەکانیش ئەو مەزارە بەگڵکۆی شێخ وسوو رەحمان ناوێك دادەنێن‌و ساڵانە زیارەتی دەکەن.



* لەبەنزینخانەی زمناکۆی چەمچەماڵ بەچەند پۆلیسێك مامۆستایەك دەکوتن. لەرۆژی 2006/5/3 شۆفێرێکی زۆر ریزیان گرتبوو بۆ بەنزین کە هی وایان تیابوو شەو لەوێ نووستبوون، کەچی خەڵك هەبوو زۆر بەئاسانی لەدەرگەی دیکەوە سەیارەکانیان دەکردە ژوورەوەو بەنزینیان پڕ دەکرد. بەم حاڵەتە شۆفێرەکان بێزار بوون، چوونە پێشەوەو کردیانە بۆڵە بۆڵ. لەناویاندا مامۆستایەك لەجیاتی ئەوان قسەی دەکرد. دواتر پۆلیسەکان بۆ دورخستنەوەیان تەقەیان بەئاسماندا کرد، هەموو شۆفێرەکان دوورکەوتنەوە، مامۆستای نەگبەت مایەوە ئەوانیش لەڕاندا گرتیان، تێر تێریان لێداو ئینجا خستیانە ناو سەیارەی پۆلیسەکان‌و بردیان. دەڵێن نابێ مامۆستا لەقۆتابی بدات، بەڵام قەیناکە با پۆلیس لەمامۆستا بدات.

* منداڵ دزین لەکەرکوك سەری هەڵداوەتەوە. لەناو مانگی ئایاردا لەگەڕەکی (خچراو) هەندێ تیرۆریست دوو منداڵ دەڕفێنن، بەڵام خەڵکی لێیان دەکەن بەهەرا، کەچی بێ فایدە دەبێ. زۆر کەس دەڵێن: کۆمەڵێك پەیدابوونە بۆ ئەو کارە تیرۆریستیانە پێیان دەڵێن (جماعە حمیرا) کە سەر بە (ڕەیاشەکانی) ناحیەی حەویجەن. ئێستا ناوی منداڵەکان‌و ژمارەی مۆبایلەکانی کەسوکارییان لە قەتعەیەك نووسراوەو کێ زانیاری لەسەر هەیە خەبەر بدات. زۆربەی کۆڵانەکانیش بە بەردی گەورەو بلۆك گیراون، ئەو گەڕەکانە لەترسی سەیارەی تیرۆریستان ئەو کارەیان کردووە.

* لەیەکێك لەئامادەییەکانی ناحیەی شۆڕش کچێکی زۆر زیرەك کە موستەهەقی عەفوکردنە لەوانەیەکدا، کەچی مامۆستاکە غەدری لێ دەکاو پێی دەڵێ: عەفوت ناکەم، چونکە تۆ (لەچك) ناکەیت. ئەمیش دەڵێ مامۆستا مادام ئیسلامیەتیەکەی تۆ بەوشێوەیە بێت، تا تۆش لەم خوێندنگایە بیت لەچك ناکەم، چونکە ئیسلام ئەوپەڕی یەکسانی تیایەو منیش بۆخۆم رۆژانە نوێژ دەکەم قورئان دەخوێنم، بەڵام تۆ بیرکردنەوەکەت جیاوازە.

* سکرتێری قایمقامی چەمچەماڵ لەجیاتی ئەوەی کە مەشغولی کاری خۆی بێت، کەچی لەهەفتەی رابردوودا دوای دەوام سەرپەرشتی دابەشکردنێکی زۆر ناعادیلانەی دوو سەیارە (غاز)ی کرد. دوای ئەوەی کە بەخەڵکیان وتبوو بوتڵەکانتان لەساحەکەی بەرامبەر قایمقامیەت دابنێن ئێستا دێین، کەچی وەختێ خەڵك زانی هەردوو سەیارەکە ڕایان کردو ئەو برادەرەشیان لەگەڵدابوو، سەیرەکە لەوەیە هیچ بووکێك ئەوەندە سەیارەی بەدواوە نەبووە.

* پارێزەرێك ئەرکی دابەشکردنی (97 پارچە زەوی) میراتی گرتۆتە ئەستۆ کە بەشی (9 کوڕ)و (5کچ)ە. لەسنووری قەزایەك. ئەم پیاوە گوتویەتی کە ئێوە هەقتان نەبێ خۆم جێبەجێی دەکەم. هەر کوڕێك (7 پارچە)و هەر کچێك (3 پارچە). با کارەکە نەچێتە مەحکەمە. بەخوا سەیرە بڕیارێك باسی یەکسانی ژن‌و پیاو دەکاو پارێزەرێك بەنهێنی‌و شەرعی لاکۆڵان میرات بەش دەکات.

سوریا:

فەلەستینیەکان لە کوردستان نیشتەجێ دەکرێن

هەواڵەکان: حکومەتی سوریا سنووری وڵاتەکەی بۆ ئەو پەنابەرە فەلەستینیانە ئاوەڵا کردووە کە لەسەردەمی رژێمی بەعس لەعێراق نیشتەجێ کرابوون‌و هاوکاری رژێمی سەدام حوسێنیان دەکرد. بەگوێرەی هەواڵەکان لەرۆژانی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەو فەلەستینیانە لەبەر سەختی ژیان‌و هەڵگیرسانی شەڕی نێوەخۆ عێراقیان جێ هێشتووەو بەرەو سوریا ڕۆیشتوون، حکومەتی سوریا هەمان سیاسەتی رژێمی سەدام درێژە پێدەدات‌و ئەو فەلەستینیانە لەسەر خاکی کوردان نیشتەجێ دەکات. تا ئێستا زیاتر لە 244 فەلەستینی لەنزیك پارێزگای حەسەکە نیشتەجێ کراون، بڕیاریش وایە تەواوی ئەو فەلەستینیانەی لەعێراق رادەکەن لەسەر خاکی کوردان نیشتەجێ بکرێن. خەڵکی ناوچەکە بێزاری خۆیان سەبارەت بەو سیاسەتە پێشان دەدەن‌و سکاڵای خۆیان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان راگەیاندووە، بەڵام وەڵامیان نەدراوەتەوە.

لە باڵەکایەتی

نێوان مەسیحی‌و موسڵمانەکان گرژ و ئاڵۆزە

ماوەیەکە هەندێك لەخەڵکی دەقەری باڵەکایەتی ئایینی خۆیان دەگۆڕن‌و روو لەئایینی کریستیان دەکەن، ئەمەش پیاوانی ئایینی ناوچەکەی هەراسان‌و نیگەران کردووە، بەتایبەتیش هەندێك لەوانەی کە ئایینی خۆیان دەگۆڕن خزمایەتی‌و نزیکایەتیان لەگەڵ پیاوانی ئایینی ناوچەکەدا هەیە، بۆ ڕێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئایینی کریستیان، پیاوانی ئایینی ناوچەی باڵەکایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان شاڵاوی دژایەتی ئەو کەسانەیان دەست پێکردووە کە ئایینی خۆیان دەگۆڕن، هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە رۆژی 2006/5/6 لەقەزای چۆمان گرژی‌و ئاڵۆزی لەنێوان چەند پیاوێکی ئایینی ئیسلام‌و چەند کەسێك لەوانەی کە پەیڕەوی لەئایینی کریستیان دەکەن روویدا. مەلاکانی ناوچەکە بێبەری خۆیان لەو کەسانە رادەگەیەنن کە ئایینی خۆیان دەگۆڕن‌و بەرەو ئایینی کریستیان دەڕۆن‌و ئەمە بە پیلانی دەرەکی‌و دوژمنانی موسڵمانان دەزانن، کەچی پەیڕەوانی ئایینی کریستیان مەسەلەکە بە ئاسایی وەردەگرن‌و بە سەرەتاییترین مەرجی دیموکراسی‌و مافی تاکە کەسی لێکدەدەنەوە.

باڵەکایەتی:

نادادی لەدابەشکردنی زەویدا دەکرێ

ماوەیەکە شارەوانی چۆمان‌و قەسرێ‌و گەڵاڵەو سنێلان دەستیان بەدابەشکردنی زەوی بەسەر کارمەندانی ناوچەکە کردووە، بڕیاریش وابووە هەرکەسێك ئەگەر چل خاڵی هەبێ، زەوی پێبدرێ. هەندێ لەفەرمانبەرانی شارەوانیەکان‌و بەڕێوەبەراتی کشتوکاڵ‌و ئاودێری ناڕازین‌و رەخنە لەو دابەشکردنە دەگرن‌و گلەیی لەوە دەکەن کە هەندێك لەوان زیاتر لە چل خاڵیان هەیەو زەویشیان پێنەدراوە، لەبەرانبەردا هەندێ کەس کە ئەندامی لایەنی دەستەڵاتدارن کەمتر لەچل خاڵیان هەیەو زەویشیان پێدراوە. گوایە پێشتر بەڵێن بەو کەسانە درابووە کە لەگەڕی یەکەمدا زەویان پێنەدراوە لەدوای یەکگرتنەوە زەویان پێدەدرێ، کەچی دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە 200 پارچە زەوی دیکە لەدەقەرەکە دابەشکراو تەنیا بەو کەسانەش درا کە ئەندامی لایەنە دەستەڵاتدارەکانن.

فیلمی ئەنفال

لە تەلەفزیۆنی سوید پێشان دەدرێ

بڕیاروایە فیلمی دیکۆمێنتی (ئەلئەنفال، بەناوی خوداو بەعس‌و سەدام)، کە دەرهێنەری کورد مانۆ خەلیل بەرهەمی هێناوە، رۆژی 2006/5/24 لەکەناڵی یەکەمی تەلەفزیۆنی وڵاتی سویددا پێشان بدرێ. کەناڵێ 1 کەناڵێکی دەوڵەتی سویدەو بەدەیان هەزار بینەری خۆی هەیە.

پێشاندانی ئەو فیلمە خەڵکی سوید لەئێش‌و ئازارەکانی گەلی باشووری کوردستان ئاگاداردەکاتەوەو تێیاندەگەیەنێ کە رژێمی بەعس شەڕی لەنێوبردنی کوردی بەڕێوەبردووەو لەشاڵاوێکی کومۆنەدا زیاتر لە 182 هەزار کەس لاشەڕی رفاندووەو زیندەبەچاڵی کردوون. گرنگی ئەو فیلمە لەوەدایە کە بە تەنیا باس لەشاڵاوی ئەنفال‌و قڕکردنی کوردان ناکات، بەڵکو هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجەو زیندانیکردنی کوردانیش وەبیر دەهێنێتەوەو دەیانخاتە روو.

سەرچاوە:
http://www.st.tv



لاوێك دەکوژرێ

کاتژمێر 11:30 رۆژی 2006/5/ 11 لە ئۆردوگای چوار قورنە ی دەقەری راپەرین لەئەنجامی دەمەقاڵێ لەنێوان دووکەس بەناوەکانی (ڕێباز دەرویش و ڕێباز مستەفا)، کەسی یەکەم بەچەقۆ هێرشی کردە سەر کەسی دووەم چەند چەقۆیەکی لێدا، لەئاکامدا ڕێباز مستەفا گیانی لەدەست دا. ڕێباز دەرویشی بکوژ دوای ئەنجامدانی تاوەنەکە هەڵات وخۆی دەرباز کرد.

لاوێك دەڕفێنرێ

رۆژی 2006/5/4 لەنێو شاری سلێمانیدا چەند کەسێکی نەناسراو لاوێکی تەمەن 22 ساڵە بەناوی (عەلی شەمسەدین) دەڕفێنن، هەرچی پارەو پووڵی لەگیرفاندا بووە لێیان سەندووە، پاشان لە رێگەی مۆبایلەکەی خۆیەوە تەلەفۆن بۆ کەس وکاری دەکەنو لەبەرانبەر ئازاد کردنیدا داوای 2 دەفتەر دۆلار دەکەن. کەسوکاری رفێنراوەکە لەهەوڵی ئەوەدا دەبن کە پارەکە پەیدا بکەنو سۆراخی کوڕەکەیان بکەن، کەچی هەر هەمان رۆژ هەواڵیان بۆ دێ کە ناوبراو بەدەستو پێ بەستراویەوە لەنزیك ناحیەی بازیان فڕێدراوە. ئەوەی شیاوی باسە ڕفێنەرەکان هەستیان بە مەترسی کردووەو لەوە ترساون نەوەك ئاشکرابن، بۆیە دوای ئەوەی نائومێد دەبن کە ئەو رۆژە پارەکەیان بەدەست ناگات، بە ناچارییەوە وازی لێدەهێننو بەدەستوپێ بەستراوی فڕێی دەدەن.

موسڵ: کوردێك دەکوژرێ

رۆژی 2006/4/27 کوردێکی دانیشتووی گوندی زیناوەی سەر بە دەقەری بەردەڕەش بە ناوی (حەمەد خەلیل باین) بەمەبەستی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەی دەچێە شاری موسڵ، عەرەبێك چاودێری دەکات‌و بەفێڵ خۆی لێنزیك دەکاتەوەو دەیبات لەنزیك رووباری دیجلە بە غەدر دەیکوژێ. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە تیرۆریستانی پارێزگاری موسڵ بەمەبەستی هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان کوردو عەرەب دەستیان بەشاڵاوی کورد کوشتن کردووە. هەندێك لەچاودێران لەو باوەڕەدان کە دەزگای سیخوڕی تورکیا دەستی لەو بەرنامەیەدا هەیەو دەیەوێ پارێزگای موسڵ بەرەو شەڕی نەتەوەکان بەرێ‌و لەپەنای پارێزگاریکردن لەتورکمانەکان خۆی بخزێنێتە ناو پارێزگای موسڵەوە.

مین کەسێکی کوشت

رۆژی 2006/4/20 لەنێوان گوندی دەربەندو رایات مینێکی چێنراو بە وڵاتی (حەسەن حەمەد) دەتەقێتەوە، هەر دەمودەست گیانی لەدەستدەدا. بەگوێرەی گەواهی خەڵکی ناوچەکە ئەو مینانە لەسەردەمی رژێمی بەعس لەناوچەکەدا چێنراون، ئەگەرچی هەندێ رێکخراوی خێرخواز بەشێکیان لەو مینانە هەڵگرتۆتەوە، بەڵام تا ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر مینی چێنراو لەناوچەکەدا ماونو هەڵنەگیراونەتەوە، بەو هۆیەوەوە ساڵانە چەندین کەس دووچاری کارەساتی دڵتەزێن دەبنەوە، خەڵکی ناوچەکە خوازیارن کە حکومەتی هەرێم چارەیەك بدۆزێتەوەو هەوڵی جددی بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە بدات.

ژنێك خۆی کوشت

رۆژی 2006/5/7 ژنێك بەناوی (نێرگز محەمەد) دانیشتووی شاری شەقڵاوە لەئاکامی کێشەی کۆمەڵایەتی دەست بۆ خۆکوژی دەبات، نەوت بەسەر خۆی دادەکات‌و ئاگر لەخۆی بەردەدات. لە ئاکامی زۆری سووتانەکەی گیان لەدەس دەدات. هەندێك لەنزیکانی ژنەکە هۆی خۆ سووتاندنەکە دەگێڕنەوە بۆ ئەو کێشەیەی کە بەردەوام لەگەڵ مێردەکەیدا هەیبووە، ئەمەش وایکردووە کە بڕیاری خۆکوشتن بدات‌و کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێ.

لاوێك دەخنکێ

2006/5/10 لەنزیك ئۆردوگای بنەسڵاوەی شاری هەولێر لاوێکی تەمەن 17 ساڵان بەناوی (خۆشناو محەمەد) لەکاتی مەلەکردن لەگۆماوێکی نزیك ئۆردووگاکەدا ژێر ئاو دەکەوێ. ئامادەبووانی دەوروبەری گۆماوەکە سەرەتا هەست بە مەترسی خنکانی ناکەن، دواتر کە ماوەیەکی پێدەچێ ئەوسا بەدوایدا دەگەڕێن، تا دەری دەهێنن، گیان لەدەست دەدات. رووداوەکە بە قەزاوقەدەر وەرگیراوە، خزم‌و کەسی خنکاوەکە سکاڵایان لە دژ کەس تۆمار نەکردووە.

کچێك سووتا

رۆژی 2006/5/10 لەگەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر لەئاکامی کڵپەکردنی غاز لەگەرماوی ماڵێکدا، کچێکی تەمەن 17 ساڵەی ئەو ماڵە ئاگری تێبەربوو. بەگوێرەی ئەندامانی ئەو خێزانە، سووتانەکە رووداوێکی ئاسایی بووەو هیچ هەوڵی خۆکوشتنی لەگەڵ دانەبووە، کچەکەش بە ڕێژەی زیاتر لە 30٪ سووتاوەو رەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێر کراوە، لەژێر چاودێری پزیشکدا خەوێندراوە و هیوای چاکبوونەوەی لێدەکرێ.

شۆفێرێك هەوڵی خۆکوشتن دەدات

رۆژی 2006/5/10 لەشاری هەولێر شۆفێرێکی تاکسی بەناوی (کاروان مستەفا) بەدەمانچە چەند گوللەیەك لەخۆی دەدات. دواتر رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ‌و لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەدا وتەی وەردەگیرێ، لەوانەیە کێشەکەی رەوانەی دادگە دەکرێ. هەندێك لەنزیکانی ئەو کەسە هۆیەکەی دەگێڕنەوە بۆ مەستبوون‌و پێیانوایە کە ناوبراو رێژەیەکی زۆر ماددەی بێهۆشکەری خواردووەو ئاگای لەخۆی نەبووەو گوللەی لەخۆی داوە، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ناوبراو کێشەی هەیەو مەبەستی خۆکوشتنی هەبووە، بەڵام نەیوێراوە خۆی بکوژێ، بۆیە گوللەکانی لەقاچی خۆی داوە.

دوو هاوڵاتی لەڕووداوێکدا گیانیان لەدەستدا

رۆژی پێنج شەممە 2006/5/11 لەگوندی (جومغرکە)ی قەڵادزێ لەئەنجامی وەرگەڕانی تراکتۆرێکدا (2)هاوڵاتی گیانیان لەدەستداو یەکێکیش برینداربوو، لەمبارەیەوە سەرچاوەیەك لە(قەڵادزێ)وە رایگەیاند کەهەردوو کەسە گیان لەدەسچووەکەو برینداردەکەش ئەندامی یەك خێزان بوون.